# گەڕەكەكەمان و دوكانەكان

شيعری بەكر ئەحمەد

ئەوەی ئەم دوو گەڕەكە لەيەك جيادەكاتەوە
بە تەنها ناوەكانيانە.
ماڵەكانيان لەيەكدەچن.
دەرگاكانيان, شيعرەكانيان, كرێچييەكان و
كوچەو كۆڵان
شيعاری نوسراوی سەر ديوار و
دوكانی سەر سوچی كۆڵانەكانی گەڕەكيش
تا ئەو ساتەی خاوەنە كۆنەكانيان گۆڕدرا و
خاوەنی نوێ, بوو بە ڕوخساری ناسراوی هەموو ماڵەكانی گەڕەك.
لە دوكانی خاوەنداره كۆنەكاندا
هەموو گەڕەك شوێنی هەبوو.
بە ديواری تەنيشتی دەغيلەكەوە
لە ليستی قەرزی براودا
ناوی ژن و
خاوەن ماڵ و كرێچی و پاكەتی بەغا و
حەرەسەكەی قوتا بخانەت دەخوێندەوە.
دوكانەكان, شوێنی گێڕانەوەی شەڕی دوێنێی مناڵان و
دوا بڕياری ڕازيبوونی شووكردنی كچەكان بوون.
دوكانەكان, لەسەربانی گڵی ڕيزەماڵی گەڕەك دەچوون.
جێی ئاسمان و
جێگای چيغ و
چرپەچرپی ژێر بەتانی و
چاوەچاوی كوڕی ئەم ماڵ لەگەڵ كيژی ئەو حەوشەدا
جێگای خەون و خەوزڕان و دووبارە خەوبينينەوەی تيا دەبۆوە.
بەڵام ئيتر لەو ڕۆژەوەی خاوەنی نوێ
كورسيەكەی مەترێك هێنايە بەردەم دوكان
بە دەنگی بەرز هاواری كرد:
هيچ كەسێك شت بەقەرز نابات!
لەو ڕۆژەوە دوكانەكان پڕن لە شت
گەڕەك نەبێ.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
03/07/2002 00:32

ئێستا ئەم دوو گەڕەکە, نەسەلامیان لەبەیندایە
نە تەلەفۆن.
نە زەماوەند پێکەوە دەکەن, نەنوێژی ڕۆژانی جومعە
ئێستا ئەم دوو گەڕەکە دوو مەملەکەتن و
سنووری نێوانیان دوکانەکانی گەڕەکە.
ئێستا دەرگای دوکانەکان
بۆ هەمیشە لەسەر پشتن.
هەم فاسۆلیای بایعیەکەی تیا دەفرۆشرێ و
هەم هەواڵی شەڕی نێوان باوکەکانی هەردوو گەڕەك.
کۆبوونەوەی تیا دەبەسترێ
کاتێك باڵندەی سەر تارمەی ماڵی ئەمبەر
بەسەر گوێسوانەی ماڵانی ئەوبەرەوە, دەنیشنەوە.
بڕیاری یەکرەنگکردنی دەرگا و پەنجەرەی تیا دەدرێ و
ئەو بەلێنانەیشی دەڵێ:
دەکرێ خەڵکی هەردوو گەڕەك لە ڕۆژێکدا
بەبەردەم دوکانەکاندا, بە کەیفی خۆیان بگەڕێن.
منداڵانی هەردوو گەڕەك
ناوی یەکتری نازانن
کەچی جەد و بابە گەورەی خاوەنی دوکانەکانیان, وەك ناوی خۆیان لەبەرە.
دوکانەکان کارخانەی پاسپۆرتی تازە و
سنووری نوێ و
سەربازی سەر سنووریشن.
پۆلی ئەو قاچاغچیانەیە کە دەبوایە مامۆستای جوگرافیا بوایەن.
دوکانەکان دایرەی تاپۆن
بۆ لێسەندنەوەی ئەو ماڵەی
خاوەنەکەی بە تەنها سەتڵێ بۆیاخی
لە دوکانی ئەوبەر کڕی.
گەرچی خاوەن دوکانەکان, باران بەیەکدی دەفرۆشن و
سێبەر و تیشك, لەگەڵ یەکدا دەگۆڕنەوە و
بەبەرچاوی خەڵکی هەردوو گەڕەکەوە, بەیەکەوە پێدەکەنن.
دوکانەکان بوونەتە ماڵی تازەی خوا
ئێستاکە ئەو, لە سوچێکی دوکانی هەردوو گەڕەکدا
لە پشت ڕەفەی تفەنگەکانەوە
لە تەنیشت فەردەئاردەکانی بایعییەوە

www.kurdistannet.org
03/07/2002 00:32

کورسییەکی بۆ خۆی داناوە و لەشەقام دەڕوانێ.
شێتەکانی گەڕەك دەڵێن:
لە نێوان خوا و
خاوەنی دوکانەکاندا, جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە.
.
جاران دوکانەکانی گەڕەك بەشێك بوون
لە ماڵەکانی گەڕەك.
دەرگای دوکان و دەرگای ماڵی خاوەن دوکان یەك دەرگا بوون.
لەسەربانیشەوە زۆر شەوان, چیت دەویست, دەتتوانی بیکڕیت.
ئێستا دوکانەکان هەر ژوورێك نین
ئێستا دوکانەکان هێند گەورە بوون
لایەك لە ماڵەکانی گەڕەکیان هەڵلوشیوە.
شەقام و شۆستەکانی بەردەمیشی
درەختەکان و تەناتەت شوێنی تۆپ تۆپێن و
سەر تەنوور و
ئاسمانی سەر مالەکانیش.
ئێستا دوکانەکانی گەڕەکمان هێند گەورە بوون,
لەشکرێکی لە کرێچی و
لە خاوەن ماڵ خستۆتە بەردەمی دوکان.
یان ئەوەتا وەکو بارکێش بۆ ئەم دوکانە تازانە دەست بەکار بن
یان ئەوەتا پاسەوانی دەر دوکان بن.
ئەوەی ئەم دوو گەڕەکە ئەمڕۆ پێکەوە دەبەستێتەوە
شەقامەکانی گەڕەك نین
منالەکانی گەڕەك نین
کۆڵانەکانی گەڕەك نین
ئەوەی ئەم دوو گەڕەکە ئەمڕۆ پێکەوە دەبەستێتەوە
خاوەنی دوکانەکان و
دوکانەکانی گەڕەکن.

٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠١



www.kurdistannet.org